# هەوێنی ئەخلاقی و قەڵەمی تەشریفاتی

**ئەرسەلان مەحمود**
Arsalan852@yahoo.com



ئەگەر هەوڵەکان لەچوارچێوەی کاری ڕێکخراوەیی و سنورێکی جوگرافی دیاریاریکراویشدابوبن، بەتایبەتیش لەساڵی ( 1995 )ه وە بۆ ساڵی ( 2003 ) دواتریش بێگوومان بەشێوازی تر.. ئەوەندی ئیمکانکراوە نەک نامۆویی و دوورە پەرێزبوون، بەڵکو ڕۆڵی کاراوو دیارمان لەدەرکردنی گۆڤارو بڵاوکردنەوەی دەیان بڵاوکراوەی جۆراوجۆردا نەک هەر لەڕووی کارگێڕییەوە بگرە لەڕووی بەشداری و کردارییەوە بینیوە کە بۆ ساتەوەختی خۆشیان پڕبایەخ و لەجێدابوون..سەرەڕاش و ئێستاشی لەگەڵدابێ نەخۆم بەنوسەرو نە بەڕۆنامەنووسیش زانیوە و دەزانم، ئەوەش بەپێوەری بیرکردنەوەی ئەوانەنا کەخۆیان بەوبوارە هەڵواسیوەو دەربڕینێکی ئاواش بەجۆرێک لە هەستی خۆبەکەمزانین دەزانن!..بەڵکو بەوپێودانگەی سەروکاو ئەزموونێکی ئەوتۆیی بابەتی و هونەری ئەو دنیا پڕنەخش و فراوانەی بواری ڕۆژنامەو ڕۆژنامەوانیم نەبووە و مرۆش ناکرێ خۆی نەناسێ و بۆ دەرخستن و گەڕان بەدوای دیتنەوەی ناوی خۆی لەبنەڕەتدا زوڵم لەناوناوبانگی حەقیقی خۆی بیکات، ئەگەرچی بۆمنێک ڕەنگە هۆکارەکە زۆرتریش بەهۆی پابەندبوونی کارو ئەرکی جیاوازو سەرەکی ترەوە بووبێ و نەکارابم بەشی پێویست لەکاتەکانمی پێببەخشم، هەربۆیە ئەوەی کراویشە بەئێستاشەوە زۆرتر لەوتێگەیشتنەوە بووە کە هەرتاکێک هەست بەبوونی خۆی بکات و بیەوێ نەخشی هەبێ و بەشداری بکات، بەتایبەتیش لەمەسەردەمەدا، دەتوانێ لەیەککاتدا لە زۆرترین کەناڵەوە خزمەت بەکۆمەڵگاکەی بگەیەنێ، کەوابوو لەم چوارچێوەیە دەرنەچووە..چونکە ئەوەی توێژینەوە و هەواڵ و ڕیپۆرتاژ و بابەتەکانی تری پەیوەست بەو بوارە بۆ ڕۆژنامە دەنێرێ و ئامادە دەکات، ئەگەر تێگەیشتن و خوێندنەوەی بابەتی بۆ هونەرەکانی ئەو بوارە نەبوو و نەشیتوانی بەشێوەیەکی پراکتیکی کاریان لەسەربکات و جێبەجێیانبکات، هەڵەم نەکردوە گەربڵێم نە ڕۆژنامەنوسەو نەلە ئێمە و مانانیش قوڵتر لە ڕۆژنامەو پیشەی ڕۆژنامەوانی تێدەگات و دەزانێ، کاتێک کەدان بەو حەقیقەتەشدانەنێت، بێگوومان لێکدانەوەکە مەودای جیاوازتر وەردەگرێت و دەبیندرێن کە ئەوجۆرەکەسانە لەجێگای ئەوەی کارو پەیامیان هەرهیچ نەبێ نیوئەوەندەی قسەکانیان لێرەو لەوێ قەبەبکەن و ڕۆڵی چاودێر بەسەر حکومەت و پرۆژە گشتی و تایبەتیەکانەوە بگێڕن و بێن پەردە لەسەر ئەو هەموو حاڵەت و لادان و هەڵانە هەڵبدەنەوە کەبەرامبەر کۆمەڵگاکەیان بەگشتی دەکرێ، باهەر هەڵگری ناسنامەی سەندیکاکانی ڕۆژنامەنوسیشبێت!..جگە لەخەستکەرەوەی ماستاوچییەتێ و کوتانەوەی ئاسنی سارد، بەبیانووی ئەوەی ڕێڕەوی نائاکاریە کولتوری و کۆمەڵایەتی و کارگێریەکان و گێژاوی ئەو مێژووە سەپێندراوە، بەکاریگەربوونی ڕۆڵی ڕۆژنامەو ڕاگەیاندن بەگشتی لەکۆمەڵگادا ناگۆڕێن و ئامادەنین خۆیان وەک دەڵێن نانبڕاوو بێبەش لەو پاروە چەورانەبکەن کەلەڕانی مێگەلی دەگیرێن!!..

ئەوەی گوێزەرەوەی حەقیقەت نەبێت هەمیشە هەواڵەکانی ترش و خوێدەکات و هەر بابەتێکی کاریگەریشی بکەوێتە بندەست چی وشەی شێدار و پەیڤی پریشکدار هەیە تیایدا دەقرتێنن..ئەو جۆرە قەڵەمانە جگە لە قەڵەمی تەشریفاتی چیترنین..بەو پێوەرەی ڕۆژنامەوانی جگە لەهەڵگری هەوێنی ئەخلاقی ڕۆژنامەگەری نابێ هەڵگری هیچ جۆرە هەوێنێکی تربێت..دروستە ئاست و پێوەرە ژیاریەکانی کۆمەڵگا، کاریگەری خۆیان هەیە، بەڵام سەرەڕاش دەبێ ڕۆژنامەو ڕۆژنامەوان لە ئاستی پێویستی ئەرکەکانی سەرشانیدابێ و بەشداری کارای لەپرۆسەی گەشەپێدانی گشتی کۆمەڵایەتی وکارگێری و نیشتیمانی دا هەبێت..

ڕۆژانامەوانی پیشەی خەڵکی نوخبەیە، کەوابوو پریشکی هەرەگەورەی ئۆباڵەکانیان دەکەوێتە سەرشان و سەندیکای ڕۆژنامەنوسانیش بەرپرسیاری یەکەمی فەراهمکردنی ئەوکەش و بەرگریکردنەیە، نەک تەخشان و پەخشانکردنی ناسنامەی ڕۆژنامەنووسی بۆ هەمووان!!..چونکە مەرجنیە ( ئەوەی کتێبێکی فرۆشت ڕۆژنامەنووس بێت، ئەوەی خوێنەرە ڕۆژنامەنووس بێت،ئەوەی وەک من ووتار یاچەندووتارێکی نووسی ڕۆژنامەنوس بێت، ئەوەی ..ئەوەی....... ). ڕۆژنامەنووس ئەو کەسەیە پسپۆرو خاوەن ئەزموون و ڕاستبێژی بێڕتووشی چاو نەترس و بەدیقەتبێت، دەبێ ڕۆژنامە بەلای خۆیداکێشی بکات نەک ڕۆژنامە پەلکێشی گۆشەگیری و خۆپارێزیبکات.